کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7-4-2007 1:52

# نوکەیەک بۆ نەوشیروان مستەفا ... شەپۆل کەلاری

ئەوانەی لەکۆمپانیای وشە لەدەورت کۆبونەوە، هەر ئەو کەسانەن کەسالأنێکە لەبێشەکەی حیزبیدا بەدەسرازەی فکری خۆت داتبەستون و بەدەم لایەلایەی سیاسیەوە ڕایاندەژێنی .
بەدامەزراندنی کۆمپانیای وشە دەتەوێت لەژێر بەرگێکی تردا بەبۆچونە سیاسیەکانت ڕایانبێنی و بەجۆرێکی تر هەرزان فرۆشیان بکەیو بازاڕی سیاسی خۆت گەرم دابێنیتەوە .
کۆمپانیای وشە بەژانی شکستی هەڵبژاردنەکان لەمندالدانی سیاسیتەوە هەڵتۆقیوەو دەتەوی بەژەکی ڕیفۆرمی درۆزناوی گرو گاڵی پێ بکەیو زمانی بپژێنی . کاک نەوشیروان هەمو ڕێگاکانت تاقی کردنەوە، دەیان مۆدیلت پیشان داین، دەڵێن پیاو کەفەقیر بوو بەکۆنە قەرزاندا دەچێتەوە، تازە بەتازە بەو درەنگ وەختە گۆڤاری نور لەبەرگی کۆمپانیای وشەدا دەخەیتە مەیدانی جلیتبازی نوێگەریتەوە؟!
تۆ لەهەر بەرگێکدابی، ناخت ڕێژەی نەگۆرە، ئەوە هەر خەنەبەندانەکەی سالأنی زوە بۆمان دەڵیی، تەنها شوێنی کلیپ کردنت گۆڕیوە، دەنا ئەو خەنەبەندانەت هەر ئاوازی خۆت و دەرهێنانی مامەیە .
تۆ دەیان ساڵە گۆڵچی یەکێك لەتیپە هەرە بەهێزەکانی کوردستانی، کەم تیپ ماوە یاری لەگەڵ نەکەی، بەتیپە میللیەکانی گەڕەکەکانیشەوە، لەگۆڵچیەتیشدا کارامەو شارەزابوی، خێرە لەبەردەم تیپی گەندەڵیدا واشلو شۆق بوی، لەباتی ئەوەی پەنارتیەکانیش بگری بەردەوام تۆڕی گۆڵیان دەهەژاندی، کەچی لەگەڵ هەمو گۆڵێکدا دەهاتیە گەڵ جەماوەرو هاوارت دەکرد گۆڵ گۆڵ گۆڵ ...!!!
کاک نەوشیروان تۆ لەگەڵ گورگ گۆشتی دەخۆیو لەگەڵ مەڕیش شین دەکەی، مامۆستاکانی گەندەڵیت لەدەوری خۆت کۆکردونەوەو دەتەوی بەناوی کۆمپانیای وشە شەڕی گەندەڵیان پی بکەی، ئەوە گومانێکەو پرسیارێکی شەقامی کوردیشە، گەندەڵ نەك شەڕی گەندەڵ ناکا بەڵکو ژێر بەژێر هاوپەیمانێتی دەبەستن، جائەگەر ئەو گومانە نەڕەوێنیەوەو وڵامی ئەو پرسیارەش نەدەیەوە ئەوا بەجەرەسێك هەم بەرە لەسەر هەتیوان لادەدەم و هەم وڵامی پرسیارەکەش دەدەمەوە .
لەکۆتای ئەم نوکەدا دەڵێم: مادام گۆڤاری نور لەبەرگی کۆمپانیای وشەدا زیندو کرایەوە تەواو بڕوام بەزیندو بونەوە هەیە، لەکوردستانیش ئازادی هەیە، هەمو کەسیش بۆی هەیە لەو پێشانگا ئازادەی کوردستاندا کۆن و تازەی تێدا پێشانی جەماوەر بدا تۆش کەبەکۆناندا دەچیتەوە، تەنها ئاگات لەبارو دۆخی کوردستان بی، چونکە ئەو بارو دۆخە لێمان دەخوازی هەمومان بۆ بەدەستهێنانی مافەنەتەوەییەکان یەك دەنگ و یەك ڕەنگ بین، فەرهەنگی سیاسی تۆش بەبرایەتی وتەبایی بالأنسی تێك دەچی، هەر ئەو برایەتیەشە وای کردوە گێڕی سیاسیت بگۆڕیو بەگێڕی ڕاگەیاندن ئەو برایەتیەمان لی تێك بدەی، هەرچی دەکەی قبولمانە، تەنها دروشمی (بەقوربانتان بم پەرێزتان پاك بێ) زیندو نەکەیەوە، چونکە ئەمەیان ترسناکەو ڕیسەکەمان لی دەکاتەوە خوری من دڵنیام ئەم کۆمپانیایە ئامانجی سیاسی لەپشتە، کۆمەڵگای کوردیو لایەنە سیاسیەکان بەیەك چاو سەیر ناکات و هەڵگری ئامانجی شاراوەیە، هەربۆیەش ئەم نوکەیەم بۆ کردی، هیوا خوازیشم لەم بۆچونە هەڵەبم و لەم نوکەیە پەشیمان ببمەوە نەك جەرەسێکی دورو درێژی بەدوادا بی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.